**نیشانەی خۆناسین** **ڕەحمان سۆفی**

( دیاری بۆ میترا )

لە پا ومانگی خۆناسین دا
کۆئەندامی لەش یاغی بوون
گوڵی سینەی خونچە بوو
کراسی دڕی جووت هەنار
شەیدا ، و بێ قەرار،
دەرون توڕە ، زوو هەڵچوون
ئاڵوگۆڕی لەش و گیان.
دایکی داماو، بێ زانین ،
دڵپەرۆش و دەست بە زار
« ئەیەڕۆ » بۆ وا دەکا!
وتەی مامۆستا، قسەی بێ تام
ئامۆژیاری دایەگەورش بێ کەڵک
سروشت بە هێزترە بۆ هۆی
ئاڵوگۆڕی لەش و گیان.

دێسامبر 2009